گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مەزراندنی فۆلکلۆر لە ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش) دا

**پ. ی. د. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٨/٢
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٩/١٩
بڵاو کردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Folklore, Novel, Aziz Malaresh, Elements, Proverbs.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.12

## پوختە

ژانرە ئەدەبییەکان لە هەناوی یەک دێنەئارا و کاریگەرییان لەسەر یەک هەیە، زۆرجاریش تێکدەچرژێن و ژانرێک ژانرەکانی دیکە لەخۆدەگرێ. توێژینەوەی بەردەست کە ناونیشانەکەی (مەزراندنی فۆلکلۆر لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش)ە، پرسی مەزراندنی فۆلکلۆر کە ژانرێکی کۆنی ئەدەبییە لەگەڵ ڕۆمان کە ژانرێکی تاڕادەیەک نوێیە، خستووەتە بەر باس و لێیدەکۆڵێتەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە وەسفییە و لەڕێیەوە ئەو جۆرانەی فۆلکلۆر دەستنیشانکراون کە لە ڕۆمانەکەدا بەکارهاتوون و ئەوە وەدەستهاتووە کە ڕۆماننووس زۆر بە بەرفراوانی کەڵکی لە جۆرە فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە و زمان و سەردەم و ناوچە و شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانیش فۆلکلۆرین و ئەمەش سەرەنجام بە ئەرێنی و خاڵی بەهێزی ڕۆمانەکان هەژماردەکرێ.

## پێشەکی

هەبوونی پەیوەندیی لەنێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا، نکۆڵی لێ ناکرێ. بابەتە فۆلکلۆرییەکان کۆنن و هەندێکیان ڕەنگە هەزاران ساڵ بەسەر ڕوودان یان گوتنیان دا تێپەڕیبێت، لە بەرانبەردا ڕۆمان ژانرێکی نوێی ئەدەبییە، بەڵام کات نەبووەتە بەربەستێکی ئەوتۆ کە ڕۆمان سوود لە فۆلکلۆر

وەرنەگرێت. چ لەناو ئەدەبیاتی کوردی و چ لەناو ئەدەبیاتی جیهانی دا ئەم کەڵک وەرگرتنەی ڕۆمان لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە هەستی پێ دەکرێ، ئەمەش هەندێکجار لە وەرگرتنی ناوی پاڵەوان یان شوێنی ئەفسانەییەوە دەردەکەوێت و هەندێکجاری دیکە لە ڕووداو و بابەت یان گوتراوی فۆلکلۆرییەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (مەزراندنی فۆلکلۆر لە ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش) دا)یە، تێیدا کار لەسەر چوار ڕۆمانی ڕۆماننووس (عەزیزی مەلای ڕەش) کراوە کە بریتین لە ''کوێخا سێوێ، غەوارە، خاک و چەوسانەوە، خاک و کێشەی مان'' و لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکدێ: تەوەری یەکەم ناونیشانی ''کارتێکەریی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان''ی هەڵگرتووە، دەروازەیەکە بۆ باسکردنی ئەو کاریگەرییانەی ژانرە ئەدەبییەکان لەسەر یەک هەیانە. لە تەوەری دووەمدا کە ناونیشانەکەی ''مەزراندنی فۆلکلۆر لە بنەمای ڕۆمانەکان دا''یە، گێڕانەوە و زمان و بابەت و شوێن کاریان لەبارەوە کراوە و لە هەر چوار ڕۆمانی ڕۆماننووسدا کاریگەریی فۆلکلۆر لەسەر بنەمای ڕۆمانەکان لێی کۆڵدراوەتەوە. پەند و گۆرانیی فۆلکلۆری و بیروباوەڕی خوڕافی لە تەوەری سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیدا کاریان لەبارەوە کراوە کە ناونیشانی تەوەرەکە بریتییە لە ''بەکارهێنانی بابەتە فۆلکلۆرییەکان لەناو ڕۆمانەکان دا''.

**پرسیاری توێژینەوە:**

- ئایا دەکرێ ڕۆمان کە ژانرێکی نوێی ئەدەبییە و یەکێک لە واتاکانیشی نوێیە، سوود لە ژانرێکی کۆن وەربگرێ کە فۆلکلۆرە؟
- ئایا ئەو جۆرانەی فۆلکلۆر کە لە ڕۆمانەکاندا بەکارهاتوون، بە ئەرێنی یان نەرێنی بەسەر ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکاندا شکاوەتەوە؟

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی بیسەلمێنێ، خاڵی هاوبەشی نێوان هەر چوار ڕۆمانەکەی ڕۆماننووس بریتییە لە مەزراندن و سوودوەرگرتن لە فۆلکلۆر، هەرچەند بە ڕێژەی جیاوازیش بێ.

**گرنگیی توێژینەوە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، بە تەنگ ئەووەیە بیسەلمێنێ، دەکرێ ژانرێکی نوێ، کەڵک لە ژانرێکی کۆن وەربگرێت و وەکو کەرەستەیەکی نوێ و بۆ خزمەتی زیاتری ڕەوتی گێڕانەوە سوودی لێ وەربگرێ.

**گریمانەی توێژینەوە:**

- دەکرێ فۆلکلۆر بە هەموو جۆرەکانییەوە بئاخنرێتە دووتوێی ڕۆمانەوە.
- ئەگەر جۆرە فۆلکلۆرییەکان بە دروستی بمەزرێندرێن، ئەوا بە ئەرێنی بە سەر کۆی ڕۆمانەکەدا دەکەونەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە وەسفییە و تەنیا جۆرە فۆلکلۆرییەکان دەرهێنراون و شیکراونەتەوە و ئەمەش بە مەبەستی سەلماندنی زۆری سوودوەرگرتن لە کەرستە فۆلکلۆرییەکان لە ڕۆمانەکاندا.

**١- کارتێکەریی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان**

ژیان تێکچرژان و ئاڵۆزییێکی چڕی دیاردەکانیەتی، لە ئەنجامی بەناویەکداچوون و بوونی کاریگەریی ئەم دیاردانە بەسەریەکەوە، هەمیشە دیاردە و ئەنجامی تازە و نوێ بەدەستدێن. دیسان لە ئەنجامی پەیدابوونی دژایەتی و بوونی پەیوەندیی لەنێوان شارستانییەتەکان کۆمەڵێک داهێنان و بەرهەمی تازە دێنە ئاراوە کە لەوەوپێش نەبوون. هەمان دیاردە لەناو ئەدەب بەگشتی و ژانرە ئەدەبییەکان بەتایبەت بەدی دەکرێ، (گۆتە) دەڵێ: "هەر ئەدەبێک هەناسەی ئەدەبەکانی دیکەی بۆ نەیەت و سەر لەنوێ خۆی دانەڕێژێتەوە کروشکە دەکات و هەڵدەپرۆکێ" (عەزیز گەردی، ١٩٨٧: ٣)، کەواتە هەموو ئەدەبەکان کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە و شت لەیەکدی وەردەگرن و ئەمەش نە بە عەیبە دادەنرێ و نە بە کەموکووڕی، چونکە نووسەر مرۆڤە و مرۆڤێکی چالاکیشە، بۆیە بەردەوام دەخوێنێتەوە و لەناوەندە ئەدەبییەکاندا بەشداریی دەبێت و کۆڕوکۆبوونەوەکان گەرمتر دەکات. ئەم تێکەڵبوونەی وایلێدەکات ئەو لایەنانەی کاریگەریی لەسەر دروست دەکەن، زۆربن.

لەناو فۆلکلۆریش هەمان دیاردە بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە دەبینین گەلێک بابەتی فۆلکلۆری هەن لەناو فۆلکلۆری سێ چوار نەتەوەی نزیک لە یەک هاوبەشن و ئەو بابەتەی لە فۆلکلۆری ئەو نەتەوانە ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەرچی لەوانەیە کەمێک گۆڕانکاری پاژیی تێدا بێ، بەڵام ناوەرۆک و کرۆکی بابەتەکان یەکن و بە ئاشکرا هەست بە کاریگەرییەکانیان دەکرێ لەسەر یەکتر.

لێرەدا پرسیارێک دێتەئاراوە بەرانبەر ئەو بابەتانەی لەسەرەوە گوتمان ئایا وەک ئەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی نەتەوەکان کار لە یەکتر دەکەن، دەکرێ بە هەمان شێوە فۆلکلۆری نەتەوەیەک کاریگەری هەبێ لەسەر ئەدەبیاتی هەمان نەتەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ پێش زایین و بۆ ناو ئەدەبیاتی گریکی، لەوێدا دەبینین زۆرینەی هەرە زۆری ئەو شانۆیانەی نووسراون لەلایەن شانۆنووسانی ناوداری گریک، بابەتەکان و ناوەرۆکی بەرهەمەکەیان لە ئەفسانەیەک یان ڕووداوێکی کۆنی گریکی وەرگرتووە کە بەسەر خواوەندێک یان نیوە خواوەندێک یان پاڵەوانێکی کۆنی گریکی دا هاتوون و خراونەتە دوو توێی بابەتەکەی خۆیانەوە و بەرهەمێکی ئەدەبیی مەزنیان لێ دروستکردووە. بە هەمان شێوە ئەم دیاردەیە لەناو داستانی گریکیش هەستی پێدەکرێ.

سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆر و بەرهەمی کۆنی میللی درێژەی دەبێ "لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمین و سەدەی نۆزەمین بەتەواوی جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە کە فۆلکلۆر کانگەی ئیلهامە و خەزێنەی هونەر و حیکمەیە" (احمد ابو زید، ١٩٧٢: ١٩٠). ئەمە کاریگەریەکی زۆری لەسەر باوەڕی نووسەران دروستکرد و ئەدەبە کۆنەکەی خۆیان ڕەت نەکردەوە. تەنانەت لەو سەردەمەدا ئەو باوەڕەیان لا دروست ببوو کە مرۆڤ بۆئەوەی زیاتر ببینێ، پێویستە بڕواتە سەر شانی ئەوانی دیکە. بێگومان ئەمە لەلایەنی ئەدەبیشەوە کاریگەری خۆی هەبوو.

لەناو کوردیش هەر لە زووەوە سوود لە فۆلکلۆر وەرگیراوە بۆ نووسین و داهێنانی بەرهەمی دیکە بۆ نموونە (ئەحمەدی خانی) بە سوود وەرگرتن لە (مەمی ئالان) ی فۆلکلۆری (مەم و زین) ی تایبەت بەخۆی دادەنێ و هەم تاڕادەیەک ماکە فۆلکلۆرییەکانی پاراستووە و هەم بیروبۆچوونە هاوچەرخەکانی خۆی خستووەتەڕوو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دیاردەیە زیاتر پەرەدەستێنێ کاتێک بواری نووسین و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمین دەرگای لێ دەبێتەوە و رووناکیەکی بۆ پەیدا دەبێ و کۆمەڵێک رۆژنامە و گۆڤار دەردەچن، راستەوخۆ نووسەرانی کورد ئاوڕ لەم بابەتە گرنگە دەدەنەوە و سوودی لێ وەردەگرن و لە رێگەیەوە بەرهەمی نوێ دادەهێنن "یەکێک لە ئەدگارە گرنگەکانی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەی باسی لێ دەکرێ ئەوەبوو نووسەر و شاعیران ئاوڕیان لە رابردووی مێژووی پڕ شانازی میللەتی کورد دەدایەوە" (مارف خەزنەدار، ٢٠٠٦: ٢٨)، ئەگەرچی سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆر لە سەرەتای "سییەکان لەشیعر ڕەنگی دابووەوە، بەڵام لە دواییدا لە قاڵبی هەموو بابەتە تازەکانی دیکەی ئەدەب بەتایبەتی پەخشان ڕەنگی دایەوە. قەسیدە و لیریک و چیرۆک و چیرۆکی ناوەنجی (پۆڤیت) و درامای شیعری بابەت و ناوەرۆکیان لە ئەدەبی میللی سەرزار (فۆلکلۆر) وەردەگرت" (مارف خەزنەدار، ٢٠٠٦: ٢٨)، فراوانبوون و زیادبوونی ڕێژەی سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆر و گوێزانەوەی ئەم بابەتە لەناو شیعر بۆ ناو هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە، بووە هۆی لەدایک بوونی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی بە کاریگەریی فۆلکلۆر.

ڕۆمان وەکو یەکێک لە ژانرە ئەدەبییەکان و وەک ژانرێک کە بە پەخشان دەنووسرێت، سوودێکی زۆر لە بەرهەمی فۆلکلۆری وەردەگرێ، بۆنموونە (عەرەبی شەمۆ) (قەڵای دمدم) کە بابەتێکی فۆلکلۆرییە، دەیکا بە ڕۆمان، ئەگەرچی مەبەست و شێوازی نووسین لەوێدا جیاوازە، بەڵام سوودێکی زۆریشی لەم داستانە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە.

لە ئەدەبی کوردی دا، دەکرێ مێژووی ڕۆمانی کوردی بە دوو قۆناغ دیار بکەین: قۆناغی یەکەم لە نووسینی یەکەمین ڕۆمانی کوردییەوە تا راپەڕینی بەهاری 1991، قۆناغی دووەم لە دوای راپەڕینەوە تا ئێستا. ئەگەر بڕوانینە بەرهەمەکانی پێش راپەڕین، ئەوا لە زۆرینەی زۆری بەرهەمەکانی ڕۆمانی ئەوکات فۆلکلۆر ئامادەیە. جۆری ئەو ئامادەییەش ڕێژەییە، بەو واتایەی هەندێک ڕۆمان هەن بەشێوەیێکی بەرچاو زۆرینەی بابەت و ڕەگەز و جۆرە فۆلکلۆرییەکانیان تێدا مەزرێندراوە و هەندێکی دیکەش بە ڕێژەییێکی کەمتر ئەوکارەیان تێدا کراوە.

**٢- مەزراندنی فۆلکلۆر لە بنەمای ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا**

هەموو ڕۆمانێکی تەقلیدی و نا تەقلیدی لەسەر چەند بنەمایەک دەنووسرێت، نەبوونی یەکێک لەو بنەمایانە، دەبێتە هۆی کەموکووڕی لە ڕۆمانەکەدا. هەر یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان تەنیا تایبەت نییە بە ڕۆمان و پێشتر لەناو حیکایەت و دەقە فۆلکلۆرییەکانی دیکە و هەندێکیشیان تەنانەت لەناو شیعریش هەبوون. ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی کە دوای زۆرینەی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە پەیدابووە، کاریگەریی توخمەکانی ئەو ژانرە ئەدەبییانە بەسەر توخمە سەرەکییەکانییەوە دیارە.

**٢-١ سوود وەرگرتن لە گێڕانەوە:**

ئەگەر سەیری مێژووی ڕۆمان بکەین بە گشتی، دەبینین لەسەرەتای گێڕانەوەی ڕۆمان، گێڕانەوەیەکی ئاسایی بووە و حیکایەت و بەسەرهاتە کۆنەکان چۆن گێڕدراونەتەوە ئەویش بە هەمان شێوە لەسەرەتایەک دەستی پێکردووە و دواتر وردە وردە ڕووداوەکان ئاڵۆز بوونە و پاشان کۆتایی بە بابەتەکە هاتووە. ئەمە دواتر دەگۆڕێ و کۆمەڵێک تەکنیک دەبنە هۆی بەرەوپێشچوونی هونەری گێڕانەوە.

لە ڕۆمانی (کوێخا سێوێ) گێڕانەوەکە زۆر بەسادەیی ئەنجامدراوە و هیچ ئاڵۆزییێکی تێدا نییە. ڕۆمانەکە لەرێی جێناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو) بۆمان دەگێڕدرێتەوە و ڕۆماننووس ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەیە و خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە. ڕووداوەکان یەک لەدوای یەک دێن، وەکو چۆن لە حیکایەت و فۆلکلۆری کوردی هەیە. ئەگەرچی لە هەندێک شوێن دەبینین دەسپێشخەری یان فلاشباک هەیە، بەڵام ئەمە زۆر کەمە و لاوازیشە لەناو ڕۆمانەکەدا و هەست بەوە ناکەی کە ڕۆماننووس وەک تەکنیک سوودی لەو تەکنیکانە وەرگرتبێت کە پەیوەندییان بە کاتەوە هەیە.

لە ڕۆمانی (غەوارە)شدا بەهەمان شێوەی ڕۆمانی (کوێخا سێوێ)، ڕووداوەکانی یەک بەدوای یەکدا هاتوونە و نەپچڕاون، دوو ڕووداو تێیدا بەهۆی فلاش باک دەگێڕدرێنەوە، یەکەمیان کەوتنە ناو بیری گاورانە کە (قەڵپە) دەکەوێتە ناوی، دووەمیشیان ڕووداوی کوشتنی پوری (دێزەی دوو باب) ە، ئەگینا تەواوی ڕووداوەکانی دیکە بە گێڕانەوەیەکی حیکایەت ئاسا دەگێڕدرێنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە)شدا هیچ جۆرە دەسپێشخەریەک یان فلاشباکێک بەرچاو ناکەوێ، بەڵکو ڕووداوەکانی چۆن ڕوویانداوە، ئاوا دەگێڕدرێنەوە.
ئەمەی سەرەوە بۆ ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە)ش ڕاستە و سوود لە هیچ یەک لەو تەکنیکانە وەرنەگیراوە کە دەبنە هۆی تێکشکانی گێڕانەوەی ئاسایی زنجیرەیی ڕووداوەکان، بەڵکو ڕووداوەکان یەک بەدوای یەکدا دێن، تا ڕۆمانەکە تەواو دەبێ.
ئەم جۆرە گێڕانەوانە، گێڕانەوەی تەقلیدی و حیکایەت ئاسان، هیچ پێشخراو یان پاشخراو یان گەڕانەوە یان هەر تەکنیکێکی دیکە کە پەیوەندیی بە تێکشکاندنی زنجیرەی کاتەوە هەبێ، کەڵکی لێوەرنەگیراوە، بۆیە ڕووداوی ناو ڕۆمانەکان یەک بەدوای یەکدا دێن و هیچ پچڕانێکیان نییە.

**٢-٢ سوود وەرگرتن لە بابەتی فۆلکلۆری:**

دەکرێ ڕۆماننووس کۆنترین ڕووداوی مێژوویی نەتەوەکەی بێنێ و ڕۆمانێکی لێ دروست بکا و دەشکرێ سوود لە ڕووداوێکی سەردەمی خۆی یان کەمێک نوێ وەربگرێ و ڕۆمانەکەی لەسەر هەڵچنێ و ڕێپێدراویشە بە خەیاڵی خۆی ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک دروست بکات و بیانکاتە بابەتی ڕۆمانەکەی.
ڕۆمانەکانی عەزیز مەلای ڕەش بەوە دەناسرێنەوە کە ئەو بابەتانەی لە ڕۆمانەکاندا باس دەکرێن، پێشتر لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەماودەم گێڕدراونەتەوە و ئەو تەنیا هاتووە جوانتر و سەرنجڕاکێشتری کردوون، بەبێ ئەوەی تام و بۆیە فۆلکلۆرییەکەیان لێ وەربگرێتەوە.
بەخوێندنەوەی ڕۆمانی (کوێخا سێوێ)، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ڕووداو و بابەتی ڕۆمانەکە نامۆ نییە بە کۆمەڵگەی کوردی، ئەگەر بە ناخی ئەو کۆمەڵگەیە شۆڕببینەوە، چەندین بابەتی لەمجۆرە دەبینین، بۆیە نووسەر ڕاستەوخۆ سوودی لەبابەتی ناو کۆمەڵگەی کوردی وەرگرتووە و هاتووە بە شێوەیەکی دیکە دایڕشتووەتەوە. ڕۆمانەکە باسی ژنێک دەکات کە دوای مردنی مێردەکەی نایەڵێ خەڵکی چاوچنۆکی دەوروبەری زەوییەکانی داگیربکەن و بە لێزانیی خۆی، خۆی و زەوییەکانی دەپارێزێ.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕۆمانی غەوارەشدا باسی بابەتێک دەکرێ کە لەناو کۆمەڵگەی کوردی ڕوویداوە و خەڵکی بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە. (عەزیزی مەلای ڕەش) لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا خۆی ئاماژە بە سەرچاوەی بابەتەکە دەکات و دەنووسێ: ''دێزەی دوو باب دەچێتە گوندی "لاوەر" لەبەر بەدینی و پیاو چاکی خەڵکەکە بە خوایشتی خۆیان ژنی بۆ دێنن و خانووی بۆ دروست دەکەن...'' (غەوارە، ١٩٩١: 241) کە کۆی ڕۆمانەکە باسی پیاوێک دەکا لە گوندێکەوە دەچێتە گوندێکی دیکە، وێڕای ئەوەی خەڵکی لادێکە لەگەڵی باش دەبن، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە هەوڵی نانەوەی پشێوی دەدا.

بابەتی ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە) باس لە کێشەی نێوان ئاغا و جووتیار و دەرەبەگەکان دەکات، ئەگەرچی بابەتەکە پەیوەندی هەیە بە کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام کەمێک لە بابەتی فۆلکلۆری دووردەکەوێتەوە. هەرچی بابەتی ڕۆمانی (خاک و کێشەی مان)ە، ئەوا لەبەرئەوەی بابەتی ڕووداوەکە کە دوای شۆڕشی ئەیلولە، لە فۆلکلۆر دوور دەکەوێتەوە و بابەتێکی هاوچەرخە و پەیوەندییێکی ئەوتۆی بە فۆلکلۆرەوە نییە.

**٣-٢ سوود وەرگرتن لە شوێنی فۆلکلۆری:**

مەبەست لە شوێنی فۆلکلۆری ئەو شوێن و ناوچەیەیە کە فۆلکلۆری زۆری تێدایە و ناوچەکە بە بابەتە فۆلکلۆرییەکان دەوڵەمەندە، بۆ نموونە ناوچەیەکی وەکو دەشتی هەولێر یان شارەزوور خاوەنی فۆلکلۆری زۆرن، بەڵام سەنتەری شاری هەولێر و شاری سلێمانی زۆر کەمتر فۆلکلۆریان تێدایە، لەبەرئەوەی شارن و ژینگە و زمان و بیرکردنەوەی شارنشینان لە هی گوندنشینان جیاوازە.

لەو چوار ڕۆمانەی لەم توێژینەوەیەدا کاریان لەبارەوە کراوە، شوێن دەشتی هەولێرە، بەتایبەتی دەشتی (قەراج و کەندێناوە)، کە یەکێکە لە کانگاکانی هەڵقوڵانی فۆلکلۆری کوردی و بە هەزاران بەرهەمی فۆلکلۆری لەو ناوچەیە پەیدابوون. ئەوەش بووەتە هۆکارێکی یارمەتیدەری چاک بۆ ڕۆماننووس تا بتوانێ بە باشترین شێوە سوود لە بابەتە فۆلکلۆرییەکان وەربگرێت و بیئاخنێتە دوو توێی ڕۆمانەکانی خۆیەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٤ سوود وەرگرتن لە کات یان سەردەمی فۆلکلۆری:**

مەبەست لە کات، سەردەم و چەرخی ئەو ڕووداوانەیە کە لەناو ڕۆمانەکاندا باسیان لێ کراوە. کاتی ڕووداوی سێ ڕۆمانی (کوێخا سێوێ و غەوارە و خاک و چەوسانەوە) لە سەردەمێکدا بووە کە هێشتا بابەتە فۆلکلۆرییەکان بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لەناو خەڵکی بەکاردەهاتن، هێشتا کاریگەریی شارستانیەت و تەکنەلۆجیا لە کۆمەڵگەی کوردی بەو شێوە دیار و بەرچاوە نەبوو، بۆیە فۆلکلۆر لە کزی نەدابوو، بەهۆی ئەمەشەوە دەبینین (عەزیزی مەلای ڕەش) سوودی لەو سەردەم و کاتە وەرگرتووە لە ڕێگای کەسانی ناو ڕۆمانەکە دەیان پەند و بابەتی فۆلکلۆری دەردەبڕێت.

**٢-٥ سوود وەرگرتن لە زمان**

ئەو زمانەی لە هەرچوار ڕۆمانەکەدا بەکارهاتووە، زمانێکی سادەیە، دوورە لە ئاڵۆزی و ڕەمز. زمانی ڕۆمانەکان بە تەواوی و دەقاودەق لەگەڵ زمانی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکان دەگونجێ. ڕۆماننووس خۆی دەڵێ: ''لەبەر ڕەچاوکردنی زمانی کەسانی ناو چیرۆکەکە و زیندووکردنەوەی ئیدیۆم و وشەی ڕەسەنی کوردی کە بەڵگەی دەوڵەمەندیی زمانەکەمانن بەپێویستم زانی لە داڕشتنی چیرۆکەکەمدا خۆم بە زۆری بەلای شێوەی ئەو ناوچەدا بگرم کە چیرۆکەکەی لێ هەڵقوڵاوە'' (کوێخا سێوێ، ١٩٨٦: ٢٢٧)

بەمەش ڕۆماننووس لە دوو لایەنەوە توانیویەتی لە بەکارهێنانی زمان سەرکەوتوو بێ. لە لایەک قسەکردنی کارەکتەرەکانی ئاسایی دەردەکەوێت و خوێنەر هەست بە ناقۆڵایی و جیاوازی ناکا لە نێوان بیرکردنەوەکانی کارەکتەری ڕۆمانەکان و ئەو زمانەی بۆ ئاخاوتن کەڵکییان لێوەرگرتووە، لەلایەکی دیکەشەوە توانیویەتی کۆمەڵێک بابەتی فۆلکلۆری و ئیدیەم و زاراوەی کۆن لەناو ڕۆمانەکاندا زیندوو بکاتەوە کە هی ئەو ناوچەیەن ڕووداوەکانی بۆ دەگەڕێتەوە.

**٣- بەکارهێنانی جۆرە فۆلکلۆرییەکان لەناو ڕۆمانەکاندا**

وەک پێشتر باسمان کرد، ئەگەر بێت و ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش) بخوێنینەوە، دەبینین پڕیەتی لە بابەت و کەرەستەی فۆلکلۆری کە ڕۆژگارێک بەکارهاتوون، هەروەها چەندین گۆرانی و چیرۆک و ئەفسانەی ناو خەڵکی نەخوێندەواری کوردستان لەناو بەرهەمەکانی دا بەدی دەکرێن:

**١-٣ پەند لەنێو ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش) دا:**

(مەکسیم گۆرکیّ) دەڵێ: "ناتوانرێت مێژووی راستەقینەی هیچ گەلێک بزانرێت، ئەگەر ئەو بەرهەمانەی نەزانرێت کە دەماودەم گێڕاونیەتەوە" (شوکریە ڕەسول ئیبراهیم، ١٩٨٤: ٧٠). پەندی پێشینان لەناو کورددا یەکێکە لە بابەتە هەرە دیارەکانی ناو فۆلکلۆری کوردی، چ لە رووی چەندیەتی و چ لە ڕووی چۆنیەتییەوە، بۆیە دەکرێ ئێمەش لەڕێگای دۆزینەوە و خوێندنەوەی ئەم پەندانە شارەزای مێژووی کۆن و کەڤناری خۆمان بین.

(عەلادین سەجادی) وایدادەنێ کە پەند "عیبارەتن لە چەند قسەیێکی کورتی کوردی پێکەوە نووسێنراو، مەعنایێکی بەرزیان تێدایە، لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە کەوتوونەتە سەر زمانی کوردی. چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیروباوەڕیان چ لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی، چە لەباری رەوشتی خێزانی و کەین و بەینی ژیانی تێکڕایی چە لەبارەی دەوڵەمەندی و هەژاری و پایەی دونیایی دا پیشان ئەدەن" (نجم خالد نجم الدین، ١٩٩٢: 45) ڕێژەی پەند لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هێندە زۆرە، دەتوانین بڵێین هیچ دیاردەیێک یان بابەتێک نەماوە لەناو ئەم کۆمەڵگەیەدا کە پەندێک یان قسەیێکی بە پێزی لەسەر دەرنەبڕدرابێ. پەندیش چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:"

1- پەند و قسەی نەستەقی کۆمەڵایەتی – ئایینی.
2- پەند و قسەی نەستەقی ئابووری – سیاسی.
3- پەند و قسەی نەستەقی مێژوویی." (نجم خالد نجم الدین، ١٩٩٢: 96)

ئەگەر لەناو کۆمەڵگەی کوردی و پەندی کوردی بگەڕێین، بەسەدان پەند لە هەریێک لەو جۆرانە دەبینینەوە.

گرنگترین مەبەستی پەندیش "بۆ دووبارەنەبوونەوەی هەمان کارەسات و گۆشکردنی نەوەی نوێ، گوێڕایەڵی، لە مەترسی لادان، ساتمەنەکردن و نەتە بەرنەدان"ە (خالید جوتیار، ٢٠١٥: 18)، بەو واتایەی دەبێ مرۆڤ سوود لە هەڵە یان سەرکەوتنی کەسانی پێش خۆی ببینێ و بیانکا بە چرایێک بۆ ئەوەی ڕێگای ژیانی خۆی پێ ڕۆشن بکاتەوە.

**٣-١-١ پەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکاندا**

لە ڕۆمانی (کوێخا سێوێ)دا کۆمەڵێک پەند بەکارهاتوون، ڕۆماننووس بە شێوەییێکی جوان توانیویەتی سوودیان لێ ببینێ و لەشوێنی خۆیان بەکاریان بێنێ. بۆ نموونە:

"پیاو کە گلۆرەی کەوتە لێژی

کەس خاسی پێ نابێژی" (کوێخا سێوێ، ١٩٨٦:٥٥)

ئەمە پەندێکی کۆمەڵایەتییە و زیاتر لەبارەی ئەو کەسانەوە بەکارهاتووە کە پێگەیەکی ئابووری یان کۆمەڵایەتیی بەهێزییان هەبووە و لەپڕ ئەو پێگەیەیان لەدەستداوە و ئیدی چیتر کەس بەدەوری خۆیانەوە نابینن تا بەرگری لێبکەن و بگرە لەبری ئەوە تانەوتەشەریشی لێ دەدەن.

"دوور کوژی نێزیک خەسار" (کوێخا سێوێ، ١٩٨٦: ٥٦)

بە کەسێک یان شتێک دەگووترێ کە لە دوورەوە زۆر جوان و سەرنجڕاکێش و بەرچاوە، بەڵام لە نزیکەوە ناشیرینە.

"بێگانە ئەگەر بووە پردیش بەسەریدا مەپەڕەوە" (کوێخا سێوێ، ١٩٨٦:١٥٥)

پێشینان باوەڕیان وا بووە، دەبێ مرۆڤ هەمیشە خزم دۆست بێ و خۆی لێیان نزیک بکاتەوە و پشت بە خەڵکی بێگانە نەبەستێ.

لە ڕۆمانی خاک و چەوسانەوەشدا پەند هەن و زۆر بە بەرفراوانی بەکارهێنراون، بۆ نموونە:

"لەگەڵ عامێ هەڕوە شامێ" (خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨:١٤٧)

کارێک کە دەستەجەمعی و گشتی بێت، لەگەڵی بی باشترە، لەوەی بە تەنها خۆت دوورەپەرێز بگری.

"بەری رۆژ بە بێژینگ ناگیرێ" (خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨:١٤٧)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووداوێک یان کارێک کە ڕوون و ئاشکرا و دیاربێ، ئەگەر هەرچەند هەوڵبدەی بیشاریتەوە، بۆت ناکرێ.

''ژووژگ فەقیرە و ماریش دەخوات'' (غەوارە، ١٩٩١:٧٩)

ئەمەی سەرەوە پەندێکە لە ڕۆمانی (غەوارە)دا نووسراوە و بە یەکێک دەگوترێ کە کەسێکی لاپەڕ و نامۆ بێ و خۆی لە خەڵک نەدا، دواتر کارێک دەکات کە هیچ کەس بیری بۆ ئەوە ناچێ و کارەکە لە توانا و دەسەڵاتی ئەو ناوەشێتەوە – وەک ئەوەی خۆی دەرخستووە-، بەڵام ئەنجامی دەدا.

لە ڕۆمانی (خاک و کێشەی مان)یشدا پەند مەزرێندراون و لە ڕێیانەوە پەیامی ورد و بە ئامانج دەربڕاون:

''مانگا مردوو دۆ بڕاوە'' (خاک و کێشەی مان، ١٩٩٩: 115)

واتە کارێک کە تەواو بووە، ئیدی پێویست ناکا زۆر لەسەری بڕۆی و لێی بکۆڵیتەوە.

''ڕاست بەو بڕۆ ڕێی شێری'' (خاک و کێشەی مان، ١٩٩٩: ١٢٣)

ڕاست گوتن و کاری دروستکردن یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە جوان و بەرچاوەکان لای خەڵک لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بۆیە پێیانوابووە ئەگەر کارێک بە ڕاست و دروستی ئەنجام بدرێ، ئەوا پێویست ناکا لە هیچ شتێک بترسی.

**٣-١-٢ پەندی ئابووری و سیاسی لە هەر چوار ڕۆمانەکەدا**

بە سروشتی خۆی لەناو فۆلکلۆری کوردیدا بەکارهێنانی پەندە کۆمەڵایەتییەکان لەچاو پەندە ئابووری و سیاسییەکان زیاترە، ئەمە لە ڕۆمانەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (کوێخا سێوێ)دا پەندی ئابووری و سیاسی هەن، بەڵام ڕێژەیان کەمە:

''ئەگەر کوڕ هەبێت تاریکە شەو زۆرە'' (کوێخا سێوێ،١٩٨٦:١٠١)

واتا هەر کاتێک مرۆڤ توانای هەبوو و متمانەی بە خۆی بوو، ئەوا بێگومان ڕۆژێک هەڵدەکەوێ سوود لە تواناکەی خۆی ببینێ و ئەو کارەی کە دەیەوێ ئەنجامی بدا، لە دروستبوونی ئەو هەلە ئەنجامی دەدا.

لە ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە)شدا "کردەی ئێمە، بردەی خەڵکی" (خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨: ٦٦) هاتووە، واتاکەی ئەوەیە کارێک کە تۆ ئەنجامی بدەیت و پێیەوە ماندوو ببی، خەڵکی بۆ خۆیان بیبەن. زیاتر لە کاتی خەرمانە کۆکردنەوە دەگوترێ کە جووتیار و ئاغا گەنم یان جۆ دابەش دەکەن، بۆ ئەوەی هەرکەس بەشی خۆی ببا، ئاغا بێ ئەوەی ماندوو بووبێ، هێندەی جووتیارەکە یان زیاتر گەنم دەبا.

لە ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە)دا ڕێژەی پەندی ئابووری و سیاسی کەمێک زیاترە، چونکە بابەتی ڕۆمانەکە پەیوەندیی بە پرسی خاک و زەوی و زارەوە هەیە. ئەمانە چەند نموونەیەکن:

"ئەگەر قەرزداری هەڕوە بەیاری" (خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨: ١٤٤) (بەیار) ئەو پارچە زەوییەیە کە نەکێڵدراوە، ئەگەر بێت و بکێڵدرێ و تۆو بکرێ، ئەوا بەرووبوومەکەی ئێجگار زۆری دەبێ و خاوەنەکەی قازانجێکی زۆر دەکا.

"بۆ هەر زاڵمێک زەواڵێک هەیە" (خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨: ١٣٧)

ناوەڕۆکێکی سیاسی هەیە، هیچ زۆردار و دەسەڵاتدارێک تا سەر ناتوانێ بمێنێتەوە و هەر لەناو دەچێ.

"گەر دەتەوێ فەلاح ببێ قڕ، بە شەو ساماڵ، بە ڕۆژ هەوری پڕ" (غەوارە،١٩٩١:٧). ئەمە پەندێکە لە ڕۆمانی غەوارەدا مەزرێنراوە و دەیەوێ بڵێ: ئابووری جووتیاران بەهۆی باشی یان خراپی زەوییەکە، یان کەش و هەوای ئەو ساڵەی کە جووتیار دەغڵ و دانی کردووە، دیاردەکەوێت، بۆیە ئەگەر لە ڕۆژدا بارانی زۆر و لە شەودا شەختە و ساماڵ بێ، ئەوا دەغڵ و دانی جووتیاران لەناودەچێ و بەمەش ئابوورییان زۆر کز دەبێ.

"مازووکەری کون لە پاشۆڵ" (خاک و کێشەی مان،١٩٩٩:٣٧)

بە کەسێک دەگوترێ کە هەر خەریکی ماڵ بەیەکەوە نان و پارە کۆکردنەوەیە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە پارە و ماڵەکەی لێ سەرف دەکرێ، یان خۆی بەشێوەیەک لە شێوەکان لەدەستی دەدا.

"ئەوەی لە ڕۆخ کورەی ئاگر بوەستێ پروشکی هەر پێ دەپەڕێ" (خاک و کێشەی مان، ١٩٩٩:٧٤)، واتە کەسێک بیەوێ لە بابەتێک یان دیاردەیێک بەشداری بکا، دەبێ ئامادەگی ئەوەشی هەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان کارەساتێک یان ناخۆشییەکی بەسەردا بێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٣ بیروباوەڕی خوڕافی**

مەبەستمان لە بیروباوەڕی خوڕافی ئەو "بیروباوەڕ و پەیڕەوکردنانەیە کە خەڵکانی دیکە ئەنجامی دەدەن و جیاوازە لە بیروباوەڕی ئێمە" (الکزاند هجرتی کراب،١٩٦٧: 329) یان کۆمەڵێک بۆچوون هەن کە بۆچوونی ناڕاست و نا زانستین، بەڵام کۆمەڵێک خەڵکی سادە باوەڕیان پێی هەیە و دەستبەرداری نابن.

لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەم جۆرە بیروباوەڕانە زۆرن کە هەندێکیان لە ڕێگەی ئایینەوە هاتوونەتە ناو کۆمەڵگە و هەندێکی دیکە لە ڕێگەی ئەفسانەوە.

لە هەر چوار ڕۆمانەکەی (عەزیزی مەلای ڕەش) دا لە ڕێگەی تەعبیرکردن لە بیروباوەڕی کەسانی ناو ڕۆمانەکانی کۆمەڵێک لەو بابەتانەی خستووەتەڕوو:

**1-2-3 بیروباوەڕی خوڕافی لە ڕۆمانەکاندا**

"خوایە خۆ چ هێلانەی پەڕەسیلکەم تێک نەداوە و کەعبەم نە ڕووخاندووە تا ئاوا تەیرە عەبابیلەی غەزەبم بنێریە سەر" (کوێخا سێوێ، ١٩٨٦: ٤٢)

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا جاران باوەڕیان وابوو، ئەگەر بێت و هێلانەی پەڕەسێلکە تێک بدەی تووشی گیروگرفتێکی گەورە دەبی، ئەم بیروباوەڕە ئێستاش لەلایەن هەندێک کەس ماوە و بە هیچ شێوەیێک ئامادە نین لەم باڵندەیە نزیک ببنەوە.

"شێخ و سەید و پیاوچاک نەما شەوانی ساردی زستان و بەهار لەبەر ئاوێیان هەڵنەهێنین و ئاڵای چاک و جێی نزرگانی دەورویشت لە کەندو چۆمان هەڵنەدەین" (کوێخا سێوێ، ١٩٨٦: ٥٣)

جاران کە لە گوندەکاندا باران لەوەرزی زستان یان بەهار بۆ ماوەیەک دوادەکەوت، خەڵکەکە شەوان دەچوونە سەر گۆڕی شێخ و سەیدەکان و کێلی سەر گۆڕەکانیان بە ئاو تەڕ دەکرد. هەروەها پارچەی ئەو پەڕۆ کەسکانەی سەریان لێ دەکردەوە و دەیانبردە ناو کانیاو و جۆگەکان تا باران بیارێت.

لە لاپەڕە یازدەی ڕۆمانی (غەوارە)دا نووسراوە: "گوایە بیرەکە ساڵی جارێک دووان دەحیلێنێت و داوای خوێن دەکات. ئەگەر بە زووترین کات خوێنی لەسەر نەرژێت بۆی هەیە لەو عەرد و بەردانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەورووبەری بنیادەم یان گیان لەبەرێکی لێ بێت وەک موگناتیس بۆ خۆی ڕابکێشێت و تا تەپڵی قیامەت لەناو دەروونی بمێنێتەوە" (غەوارە،١٩٩١: ١١)

چ لەناو کوردان و چ لەناو گەلێک خێڵ و نەتەوەی دیکە دا ئەم بیروباوەڕە هەبووە کە هەمیشە ئەو شوێنەی خەڵکی سوودیان لێ وەرگرتووە و لەناکاوێک زیانی پێ گەیاندوون، وایان هەست کردووە کە لێیان توڕەبووە، جا بۆئەوەی لەگەڵیان ئاشت بێتەوە، قوربانییان بۆی کردووە.

"خۆ خوداش خدری زیندەم لۆ نانێری" (غەوارە، ١٩٩١: 14)

(خدری زیندە) کەسێتیەکی ئەفسانەییە، خەڵکی باوەڕیان وایە کە نەمرە و لەکاتی پێویست بەهانای لێقەوماوانەوە دێ.

"هێندە مزی تواندەوە و گوڕی کردە ناو لەگەنێکی پڕ ئاوی سارد کە لەسەر تەپلە سەری ڕیقلاو ڕاگیرابوو" (خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨: 49)

جاران کە منداڵێک دەترسا، بۆئەوەی بزانن لە چی ترساوە، هەندێک مسیان دەتواندەوە و لەسەر سەری منداڵەکە دەیانکردە ناو ئاوی سارد، جا هەر شێوەیەک لە مسەکە دروست بووایە، دەیانگوت لەوە ترساوە.

"وەکی سواندوکەی پێ دەکرێت گوایا: تا ئەگەر ئاسمان هەرەسی هێنا بیقۆزێتەوە و نەهێڵێت بەسەری دا بڕمێت شەوان لەناو هێلانە پشتی بە زەوی دەقرمێنێت و هەردوو لاقی بە جووت قیت لە هەوا دەکا" (خاک و کێشەی مان، ١٩٩٩: ٢١)

سواندوکە لە پاساری یان چۆلەکە بچووکترە و لەناو هێلانەکەی خۆیدا بۆخۆی خۆی دەخاتە سەرپشت و هەردوو قاچی بەرزدەکاتەوە، بەڵام خەڵک ئەمەیان وا لێکداوەتەوە کە دەیەوێ ئەگەر ئاسمان کەوت، ئەو بە قاچەکانی ڕایبگرێت. ئەمەش هەر لە بیروڕای خەڵکەکە خۆیانەوە دروست بووە ئەوان وا بیردەکەنەوە، ئەگینا هیچ پەیوەندییێک لەنێوان ئەو دوو شتەدا نییە.

"ئەرز لەسەر بەردییە، بەرد لەسەر پشتی گایە. گا لەسەر ماسییە. ماسی لەسەر ئاوە. ئاو لەسەر بایە. با لەسەر هەوایە. هەوا لەسەر تاریکی ڕۆنرایە. لە ژێر تاریکیش کەس نازانێ چ باس و چ هەرایە" (خاک و کێشەی مان، ١٩٩٩: 108)

ئەمە بیروباوەڕی کەسانی زۆر سەرەتاییە کە نەیاندەزانی زەوی چییە و چۆن دروست بووە و چۆن شەو و رۆژ و تاریکی پەیدا دەبن.

**3-3بەکارهێنانی گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی**

گۆرانیی فۆلکلۆری "شیعرێکی گۆرانیی ئاوازدارە، گەشەکردنەکەی دیار نییە، لەناو خەڵکی نەخوێندەوار سەریهەڵداوە" (الکزاندر هجرتی کراب، ١٩٦٧: 253)، بگرە ئەو کاتەی گۆرانیی فۆلکلۆری پەیدابووە، ڕەنگە شتێک نەبووبێ بەناوی خوێندەواریی، چونکە ئەو لایلایەیەی دایک بۆ منداڵەکەی گوتوویەتی، زۆر پێش سەردەمی پەیدابوونی نووسین و خوێندەواریی هەبووە.

هەروەها بوونی ئەو ئاوازەی لە گۆرانی دا هەیە، وایکردووە بەشێوەیەکی دیار لە بەرهەمەکانی دیکەی فۆلکلۆری جیاوازبێ "گۆرانی ئاوێنەی گیانی میللەت و گەنج و بیر و ئامانجیەتی. هەمیشە بە قووڵی و هەست و عاتیفە و لیریک خۆی لە بەشی تری بەرهەمی ئەدەبی جیا دەکاتەوە و تەنیا ئاوێنەی هەستی تایبەتی دانەرەکەی نییە، بەڵکو هەستی فراوانترین کۆمەڵی خەڵک دەر ئەبڕێ" (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ١٩٧٩: 80)، بەو مانایەی گۆرانی فۆلکلۆری جیا لەوەی لە رێگەی ئاوازەکەیەوە خۆشی و شادی دەبەخشێتە هەم گۆرانیبێژ و هەم گوێگر، مەبەستێکیش لە رێگای گۆرانییەکەوە دەردەبڕێ. "گۆرانی کەلەپوری کوردی گەنجینەیێکی پڕ بەهایە، مێژووێکی دێرینی هەیە، هەوێنەکەی لە سروشتی کوردستانەوە وەرگیراوە، دەماو دەم لە نەوەیێکەوە بە نەوەیێکی دی گەیشتووە و ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، هونەری، ئابوریی و ڕامیاری نەتەوەی کوردە" (هەنگاو ئەنوەر شێخانی، ٢٠٠٣: 13). جا (عەزیزی مەلای ڕەش) سوودی لەو فراوانیەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە و کردوویە بە دەربڕی ئەو کۆمەڵگەیەی لەناو ڕۆمانەکانی باسی دەکات.

**1-3-3سوود وەرگرتن لە گۆرانیی فۆلکلۆری لە ڕۆمانەکاندا**

"کەپوو هێلانە قوڵتە تاڵە بنێشتی دەرداوە
سەر و چاو پەلکە شفتی مریشکان دەندووک لێداوە" (کوێخا سێوێ، ١٩٨٦: 75)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم گۆرانییە، گۆرانی کاری پێ دەگووترێ. تایبەتە بە وەرزی دروێنە. (سەپان) کە دروێنە دەکات بۆ خۆشی خۆی ئەم جۆرە گۆرانیانە دەچڕێ.
هەروەها کە ڕووسە تەواو دەبێ و گەنم دەکوڵێندرێ و دەکرێتە ساوار، کوردەواری بۆ ساوار کوتان ئەم گۆرانییە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| "حاڵلا، یا الله | حاڵلا، یا الله |
| حاڵلا، یا الله | حاڵلا، یا الله |
| ئەو ساوارە | هی عەمبارە |
| گەنمی پارە | لۆ ئەو سارە |
| ئاگات لێ بێت | کابان هارە" (کوێخا سێوی، ١٩٨٦: ١٤٠) |

جاران کە ئاش وەکو ئێستا نەبوو و تەنیا ئاشی ئاو هەبوو و ئەویش تایبەت بوو بە ئارد، گەنم بە دەست دەکوترا. بۆ ئەم مەبەستە لە لادێدا چەند کەسێک کۆ دەبوونەوە بەهۆی کوتکەوە گەنمەکەیان وەکو تاو ئەم گۆرانییەشیان دەگوت.

"کارەکانم زۆر جوانن
زۆر نین کەمن سیانن
کاری بزنی خۆمانن
یەکەم کار قوتە پۆشە
دەنگی قاڕەی زۆر خۆشە
حەمە لۆی بە پەرۆشە
دووەم کار بەلەکارە
گوێ شۆڕ، کولانی خوارە" (خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨: ٤٦)

گۆرانییێکی منداڵانەیە، منداڵ چونکە کار و بەرخی زۆر خۆشدەوێ، بۆیە دەیانلاوێنێتەوە و لەمجۆرە گۆرانیانەیان بۆ دەڵێ.
لە هەر چوار ڕۆمانەکەدا گۆرانییەکان بە دروستی لەو شوێنەدا مەزرێنراون کە گونجاوە لەگەڵ ڕەوتی گێڕانەوەکەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4-3بەکارهێنانی یارییە فۆلکلۆرییەکان**

بۆ ڕابواردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە لادێدا، منداڵان لەگەڵ یەک کۆ دەبنەوە و یاری ئەنجام دەدەن "یاری زاخاوی لەش و گیان و مێشک و بیر و هۆشە، پەروەردەییە، ڕاهێنانی پێشوەختە، قوتابخانەیە بۆ ژیان، خۆ ئامادەکردنە بۆ وەستان ڕووبەڕووی ئەو شتانەی مرۆڤ و کۆمەڵ تووشی دێن" (نەسرین فەخری، ١٩٧٩: 16).

لەناو کوردەواریدا یاری یەکجار زۆر هەبوونە، جا چ لە شەودا و چ لە ڕۆژدا، لەکاتی بێ کاریدا خەڵکی بەهۆی ئەم یارییانەوە کاتیان بەسەربردووە، زۆرجاریش یارییە فۆلکلۆرییەکان بوون بە دابێک، بۆنموونە "لە شاری هەولێر و هەموو لادێ و ناوچەکانی دا هەر کاتێک هەست بە کەم بارانی و وشکەساڵی بکرابا، ئەوا (کۆسەبەبە) دەبووە وێردی سەرزاری تێکڕای هەژار و جووتیار و چەوساوەی ئەو ناوچانە بە گەورە و بچووکیانەوە. لەناوچەی سلێمانیش (بووکە بە بارانێ) هەمان مەبەستی دەپێکا" (مولود قادر بێخاڵی، ١٩٨٧: 59). ئەم جۆرە گۆرانیانە هەم چێژبەخشن و هەمیش مەبەستدارن.

**1-4-3سوود وەرگرتن لە یاری فۆلکلۆری لە ڕۆمانەکاندا:**

گێڕەرەوەی ڕۆمانی (کوێخا سێوێ) باسی دوو منداڵ دەکا کە بەیەکەوە "قوڕ قوڕۆکێ و خانوو چکۆلانێ و مووروانێ و پێنجوکانێ و قاقایانێ و داپیرە ڕەقە و خشخشۆکێ" (کوێخا سێوێ، ١٩٨٦: ٢٠٨) دەکەن، ئەمانەش هەموویان یاری زۆر خۆشی فۆلکلۆرین. ڕۆماننووس لێردا لە ڕستەیەک حەوت یاری بۆ تۆمارکردووین کە ڕەنگە ئێستا بە دەگمەن لێرە و لەوێ بکرێن، بەڵام ئەو پێمان دەڵێ نەتەوەکەمان وەک ئەوەی ئەدەبێکی پێشکەوتووی هەیە، ئاواش ئەوەمان بەبیردێنێتەوە کە ئێمە خاوەنی فۆلکلۆرێکی زۆرین.

ئەوەی سەرەوە لە ڕۆمانی (غەوارە)ش دەکات و سەرەڕای ئەو چەند یارییە لە ڕۆمانی (کوێخا سێوێ) ناوی هێنابوون، لێرەش چەند یارییەکی دیکەیان دەخاتە سەر و بۆمان تۆماردەکا: "قوڕقوڕۆکێ و خانوو چکۆلانێ و خدر خۆپانێ و پێنجووکانێ و قاقایانێ و داپیرە رەقە و تیتلی سماقێ و خشخشۆکێ و جۆلانێ" (غەوارە، ١٩٩١: 73)

ئەو یاریانە، یاری زۆر سادەن، بە کەرەستەی زۆر سادە ئەنجام دەدرێن، بۆیە منداڵانی هەژاریش دەیانتوانی ئەنجامی بدەن.

بێجگە لە یاری منداڵان لە ڕۆمانەکاندا یاریی گەورانیش ناویان هاتووە: "کورگەل پاش دەست بەربوونیان لە کەرەمستانێ و خواردنی گۆشت" (خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨: 159)

کەرەمستانێ یارییێکی زۆر خۆشی کوردەوارییە، زیاتر دەکەوێتە سەر بەخت و وردیی لە یاری کردندا.

ئەوەی لە ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش) تێبینی دەکرێ ئەوەیە، خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکاندا هەست بە هیچ جۆرە زۆر لەخۆکردن یان سەپاندنی کەرەستەیەکی فۆلکلۆری ناکا، بەڵکو هێندە لێزانانە سەودا لەگەڵ ئەو کەرستانەدا کراوە، بەهیچ شێوەیەک لەتوانادا نییە لایان بدەی و کەلێنێک لە ڕۆمانەکەدا جێ نەهێڵن.

## ئەنجام:

١- (عەزیزی مەلای ڕەش) لەهەرچوار بەرهەمی (کوێخا سێوێ، غەوارە، خاک و چەوسانەوە، خاک و کێشەی مان) بەشێوەییێکی زۆر فراوان سوودی لە بنەماکانی حیکایەتی فۆلکلۆری وەرگرتووە و ئەو سەردەمەی وەریگرتووە لەگەڵ شوێن و ناوچەی ڕوودانی ڕووداوەکان بە تەواوی فۆلکلۆرین.

٢- زمانی ڕۆمانەکان گەلێک لە زمانی بابەتە فۆلکلۆرییەکان و خەڵکی ئاسایی نزیکە، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشی ڕۆماننووسە، بۆئەوەی بتوانێ بە باشترین شێوە سوود لە بابەتە فۆلکلۆرییەکان وەربگرێت.

٣- پەند و قسەی نەستەق و گۆرانی و یاری فۆلکلۆری و بیروباوەڕی خورافی و کەرستەی فۆلکلۆری لە تەواوی بەرهەمەکاندا بەشێوەیەکی فراوان سوودیان لێ وەرگیراوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**

**کتێب:**

١- جوتیار، خالید (٢٠١٥)، دەشتی هەولێر پەند و زاری شیرین، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
2- ئیبراهیم، شوکریە رەسووڵ- تەقی جەلال(١٩٨٤) لە رووسییەوە کردوویانە بە کوردی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، هەولێر.
3- گەردی، عەزیز(١٩٨٧)، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ئەغدا، عێراق.
4- مەلای ڕەش، عەزیز(١٩٨٦)، کوێخا سێوێ، چاپی یەکەم، هەولێر.
5- مەلای ڕەش، عەزیز(١٩٨٦)، خاک و کێشەی مان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
6- مەلای رەش، عەزیز(١٩٩١)، غەوارە، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، چاپی یەکەم.
7- مەلای رەش، عەزیز(١٩٩٨)، خاک و چەوسانەوە، بەرگی یەکەم، هەولێر.
8- رەسووڵ، عیزەدین مستەفا رەسووڵ(١٩٧٩)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم.
10- خەزنەدار مارف(٢٠٠٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم –A- ، بڵاوکراوەی ئاراس.
11- بێخاڵی، مولود قادر(١٩٨٧)، لە گەنجینەی کوردەواری.
12- فەخری نەسرین(١٩٧٩)، یاری لە کوردەواری دا، پێکهاتنی لە رووی زمان و کاری بۆ سەر کۆمەڵ، بەرگی یەکەم.
13- شێخانی، هەنگاو ئەنوەر(٢٠٠٣)، جۆرەکانی گۆرانی لە دەشتی هەولێر.

**نامە ئەکادیمیەکان:**

١٤- نجم الدین، نجم خالد(١٩٩٢)، لێکۆڵینەوەی پەند و قسەی نەستەقی کوردی لەشاری خانەقین، نامەی ماجستێر.

**بە زمانی عەرەبی:**

١٥- ابوزید، احمد و اخرون(١٩٧٢)، دراسات في الفلكلور، دار الثقافه للطباعة والنشر، القاهره – طرابلس.
١٦- كراب، الكزاندر هجرتى(1967)، علم الفلكلور، ترجمة: رشدى صالح، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Using Folklore in Aziz Malaresh's Novel

**Sangar Qader Shekhmohammad Haji**
Department of Kurdish Language, College of Langauges, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

***Keywords***: *Folklore, Novel, Aziz Malaresh, Elements, Proverbs*

## Abstract
Literary geners have a significant impact on each other, sometimes, we as readers can find different geners used in a specific gener, especially a novel. This research entitled "Using Folklore Types in Aziz Mala Resh Novels'' discusses the probability of using folklore types in novels.
The research method is descriptive; those types of folklore focused on, that used in the novel. Also, we get to the conclusion that the novelist used folklore elements extensively.

**ملخص:**
الأنواع الأدبية لها تأثير كبير على بعضها البعض، في بعض الأحيان، يمكننا كقراء أن نجد أنواعا مختلفا استخدموا في نوع أدبي معين ، وخاصة الرواية. يناقش هذا البحث بعنوان "استخدام أنواع الفولكلور في روايات عزيز ملا رش" احتمالية استخدام أنواع الفولكلور في الروايات.
طريقة البحث وصفية. البحث ركزت على تلك الأنواع من الفلكلور التي تم توظيفها في الروايات. كما نصل إلى استنتاج مفاده أن الروائي استخدم عناصر الفولكلور على نطاق واسع.